

# خەونەکانی گەنج و رازەکانی سەرکەوتن

**«منداڵان نەوەی داهاتوون» ئەو رستەیە تەنیا دروشمێك نییە و لە واقیعدا منداڵان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بن، وەك داهاتووی نەتەوە و ئایندەی وڵات سەیر دەکرێن. هەموو کەسایەتییەکی ناسراوی بواری زانست و سیاسەت و هەموو سەرکردەیەکیش لە هەر گۆشەیەکی جیهاندا، قۆناغی منداڵی و مێرمنداڵی و لاوێتی تێپەڕاندووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە رازی سەرکەوتنی نوخبەی زانستی و سیاسی چییە و لاوانی ئێمە چۆن دەتوانن سەرمەشق لە هێماکانی سەرکەوتن وەربگرن؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە راو سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

پێش ئەوەی واڵت دیزنی، سەرزەمینی (دیزنی لەند) بونیاد بنێت، پێیان وتبوو: «بیرکۆڵ»، وایان لێ کردبوو خۆیشی هەست بەوە بکات کە ناتوانێت هیچ داهێنانێکی هەبێت. پێش ئەوەی ئاریانا هافینگتۆن، بتوانێ (Huffington Post) بخاتەکار، ٣٦ خاوەنی چاپخانە، چاپکردنی کتێبی دووەمی ناوبراویان رەت کردەوە، زۆر لە داهێنەرانی گەورەی دنیاش لە سەردەمی خوێندنی قوتابخانەدا تەمبەڵ بوون و بەردەوام لەلایەن مامۆستایانی خۆیانەوە سەرزنشت کراون. بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت: رازی سەرکەوتنی سەرکەوتووەکان چییە؟

د. نازناز محەمەد، وەك کەسایەتیی ناسراوی ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت: «راستە کۆمەڵێك کەس دەبینین کە لە قۆناخی منداڵی و مێرمنداڵی لە ژیانیان و لە خوێندندا سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام دواتر بوون بە زانا و فەیلەسووف، یان بازرگان و سەرمایەداری گەورە، بەڵام ئەوانە دەچنە خانەی «ئیستسنا»، بەگشتی سەدا دووی مرۆڤەکان بیرکۆڵن و بە هەمان رێژەش بیرتیژن، ئەوانە کە لەدایك دەبن، بەو شێوەیەن و خێزان و پەروەردە رۆڵی لەسەریان نییە، بەڵام زۆرینەی مرۆڤەکان لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێ هۆکار و هەلومەرجی ژینگەدا لە ژیانی خۆیاندا سەرکەوتوو دەبن، یان شکست دەهێنن». هێمای بۆ ئەوەش کرد کە «دوو هۆکار لە رەوتی سەرکەوتنی منداڵدا زۆر گرنگ و یەکلاکەرەوەن، یەکەم: چۆنایەتیی هەڵسوکەوتی دایك و باوکە



لەگەڵ منداڵی خۆیان، دووەم: چۆنایەتیی هەڵسوکەوتی مامۆستایە لە قوتابخانە. دایك و باوك دەبێت سەرەتا بە شێوازێك لەگەڵ یەکتری هەڵسوکەوت بکەن، کە ببن بە (رۆڵ مۆدێل) واتە نموونە و سەرمەشق بن بۆ منداڵیان. ئەگەر دایك و باوك لەگەڵ یەکتر میهرەبان و بەرێز بوون، ئەوا هەر زوو کەشوهەوایەکی ئارام و ئەوتۆ بۆ منداڵەکەیان دەخولقێنن، کە بتوانێ بیربکاتەوە و پلان بۆ سەرکەوتنی خۆی دابرێژێت. دایك و باوك پێویستە بە کردەنی لە ناو خێزان منداڵ فێری چەمکی ئازادی و بیری رەخنەگرانە بکەن، دەرفەت بە یەکتری و منداڵیان بدەن، کە هەر کامیان ئازادانە رای خۆی دەرببرێت و بە چاوی رەخنەگر سەیری دەوروبەری بکات، ئەمە دووەم زەمینەڕەخساندنە بۆ دروستکردنی مرۆڤێکی سەرکەوتوو. دایك و باوك چەند منداڵەکەیان گەورەتر دەبێت، پێویستە رێژەی پشتبەستنی منداڵەکەان بە باوان (دایك و باوکی) کەم بکەنەوە و هەوڵ بدەن لەسەر پێی خۆی بوەستێ و ریسك بکات، لەگەڵ پەروەردەکردنی رۆحی سەربەخۆیی لە ناخی منداڵدا، پێویستە منداڵەکە هەموو دەم هەست بکات لە کاتی تەنگانەدا دایك و باوکێکی میهرەبانی هەیە کە دەتوانن یارمەتی بدەن، مامۆستای قوتابخانەش بە هەمان شێوە، لەکاتی وانەوتنەوە و ئەزموونەکان پێویستە کەشوهەوای دیبەت و گفتوگۆ و رادەربڕینی ئازاد و هەبوونی رۆحێکی خولقێنەر و رچەشکێن لای قوتابی دروست بکات. کە قوتابخانە ئەو کەشوهەوایەی

**ڕێژەی کەمی منداڵ و گەنجی سەرکەوتوو لە قوتابخانەکانی کوردستان دەلالەت لەوە دەکات کە دایک و باوک و مامۆستا لە پەروەردەکردنی منداڵ سەرکەوتوو نین**

**سەدا دووی مرۆڤەکان بیرکۆڵن و بە هەمان ڕێژەش بیرتیژن، ئەوانە کە لەدایک دەبن، بەو شێوەیەن و خێزان و پەروەردە ڕۆڵی لەسەریان نییە**

**زۆرینەی مرۆڤەکان لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێ هۆکار و هەلومەرجی ژینگەدا لە ژیانی خۆیاندا سەرکەوتوو دەبن، یان شکست دەهێنن**

بۆ قوتابی نەخولقاند، بەتایبەتی ئەو منداڵەی کە لە خێزانەکەیدا ڕۆحی بەرەنگاری و ڕەخنەگرتن و ئازادبیرکردنەوە بوو بێت، تووشی دەردەسەری گەورە دەبێت و ئەگەری وازهێنان، یان هەڵاتنی لە قوتابخانە هەیە».

د. نازناز محەمەد لە درێژەی باسەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «خێزان و مامۆستا لە پەروەردەکردنی منداڵدا تەواوکەری یەکترین و هەر کامیان کامڵ نەبن، کاریگەریی نەرێنی لە سەر دروستکردنی کەسایەتییەکی سەرکەوتوو بۆ منداڵ دەبێت. « هاوکات دەڵێت: «پێویستە هەر لە قۆناغی سەرەتایی ئەو چەمکانە لە ناخی منداڵ بچێندرێت، کە سەرکەوتنی لە ژیاندا مسۆگەر دەکات، لەوانە: بڕوابەخۆبوون، خۆشویستنی خۆی، نەک خۆپەرستی، ئەنجامدانی کاری هەرەوەزی، ڕێزگرتن لە کەسانی دەوروبەری، هەروەها هاندانی بەرەو گرنگیدان بە بیرکاری و زانستی سرووشتی و زمانی بیانی (ئینگلیزی لەپێشترە) و کردنی بە کەسایەتییەکی تازەگەر و بەرزەفڕ و بەتمووح و...، ئەگەر ئێمە لە قۆناغی سەرەتایی ئەم وانانە فێری منداڵ بکەین، کەشوهەوایەکی پڕ لە ڕێز و خۆشەویستی و ئەدەبی بۆ دەستەبەر بکەین، مێشکی منداڵ چالاک دەبێت و تووشی گرێی دەروونی نابێت و لەم حاڵەتە ئامادە دەبێت بۆ وەرگرتن و فێربوونی بیرکای و زمان و گشت وانەکانیتر، واتە منداڵ کە لە ژینگەی ماڵ و فێرگە ئاسوودە بوو، بە ئاسانی زانست وەردەگرێت، لە هونەر ئیبداع دەکات، یان لە یەک کات دەتوانێت چەند زمان فێر بێت». گوتیشی: «ڕێژەی کەمی منداڵ و گەنجی سەرکەوتوو لە قوتابخانەکانی کوردستان دەلالەت لەوە دەکات کە دایک و باوک و مامۆستا لە پەروەردەکردنی منداڵ سەرکەوتوو نین. بەداخەوە لە بەر بەردەوامیی شەڕ و قەیرانی ئابووری و.. لە کوردستان و ناوچەکەش نەتواندراوە بە زەرەبینی لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ئەو هەموو کێشەی پەروەردەکردنی منداڵ هەنگاوی بەرچاو بهاوێژین بۆ پەروەردەیەکی سەردەمیانە کە بتوانین تاکی سەرکەوتوو بۆ ئەمڕۆ دروست بکەین، نەک بۆ دوێنێ. ئەوەی لە سیستەمی خوێندنی ئێمە دەگوزەرێ، زیاتر ئاخاندنی کۆمەڵێ زانیارییە لە مێشکی قوتابی و ئەویش دەرخی دەکات لە ڕۆژی ئەزموونەکان و دەینووسێتەوە. ئەوانەی کە باش دەرخیان کرد و نمرەی باشیان هێنا، ئەوانە ناوزەد دەکرێن بە مرۆڤی سەرکەوتوو، ئەوانەی باش دەرخیان نەکرد، مرۆڤی فاشیل و شکاون. کەواتە دەبێت لە ڕێگەی کۆمەڵێ دەزگا و پلانی تازە مێنتالیتی دایک و باوک و مامۆستا بگۆڕدرێ، لە کۆلێژەکانی پێگەیاندنی مامۆستا دەبێت پرەنسیپی تازە و مێتۆدی نوێی وانەوتنەوە فێری خوێندکارانی زانکۆ بکرێت، بۆ ئەوەی ژمارەی قوربانیانی سیستمی هەڵەی پەروەردە کەم بکرێتەوە.» واک دواوتەشی گوتی: « هەر تاکە منداڵێکی کوردستان سەرمایەی مرۆیی وڵاتە، بۆیە دەبێت کاری لەسەر بکرێت و بە باشترین شێوە پەروەردە بکرێت بۆ ئەوەی هەم خۆی ببێت بە کەسێکی بەختەوەر و سەرکەوتوو، هەم کۆمەڵگەش لە بەری بحەسێتەوە و بەرەو پێشەوە بچێت».

زۆزک تاهیر وەک ڕۆژنامەنووس و توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «سەرکەوتن تەنیا بە خەون و خەیاڵ نایەتەدی، دەبێت خەونی گەورەت لەگەڵ هەنگاوی کردەیی تێهەڵکێش بکەیت. هەنگاوەکانی سەرکەوتنیش ڕووبەڕووی هەوراز و نشێوی زۆر دەبنەوە، بەڵام ئەوەی لە ئەنجامدا دەگاتە لوتکەی سەرکەوتن، هۆکارەکەی ئیرادەی قایم و کۆڵنەدان و دۆزینەوەی ڕێگاکانی سەرکەوتنە.» ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «جگە لە ژینگەی لەباری پەروەردەیی کە خێزان و حکومەت دەبێت بۆ منداڵانی دروست بکەن، دەبێت زەمینەی ئەوەشیان بۆ برەخسێندرێت، هەتا بتوانن بەهرەمەندی و تواناکانی خۆیان گەشە پێ بدەن. هەروەها دەبێت منداڵان فێری ئەوە بکرێن کە شکست شتێکی ڕووخێنەر نییە و دەکرێت ئەزموونی گەورەی لێ وەربگرن، بۆ ئەوەی بە لوتکەی سەرکەوتن بگەن. چونکە شکست ئەزموون دروست دەکات و ڕوانگەی تاک بۆ ئایندەیەکی گەشتر کراوەتر و بەهێزتر دەکات. بە مەرجێک پەندی لێ وەربگیرێت و ئەزموونەکە دووبارە نەکرێتەوە. هەروەها هەنگاوەکانی سەرکەوتن بێ مەینەتی و سادە و ساکار نین، بۆیە دەبێت لە بری نائومێدبوون، بە هیوای گەورە و ئیرادەی پۆڵایینەوە هەنگاوی بۆ هەڵبگرن». گوتیشی: «کەسانی سەرکەوتوو هەمیشە لەگەڵ خۆیان ڕاستگۆن. دوان بە هەڵەکانی خۆیاندا دەنێن، بۆ ئەوەی تووشی هەڵەی گەورەتر نەبن. بەپێچەوانەی ئەوانەی کە هەوڵ دەدەن، هەڵەکانی خۆیان نادیدە بگرن، یان بەسەر کەسانی دیکەدا ساغی بکەنەوە».

شلێر کەریم قوتابی زانکۆیە و ئەویش سەبارەت بە هێماکانی سەرکەوتن ڕایوایە: «بوارەکانی سەرکەوتنی تاک لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا، بەراورد بە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو زۆر کەمترە، بەڵام سەرکەوتنیش لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کۆمەڵێک ڕێگای بۆ دەدۆزرێتەوە، بەگشتی گەنج لە هەر کۆمەڵگەیەکدا

دەتوانێت بە گۆڕانکاری لە روانگەی خۆیدا و بە بڕیاری گونجاو بەرەو سەرکەوتن هەنگاو بنێت. بۆ نموونە ئەگەر کچان هەوڵ نەدەن خوێندن تەواو بکەن و ببنە خاوەن داهات و ئابووریی سەربەخۆ، ئەوا تا کۆتایی ژیانیان دەبێت هەر چاو لەدەستی باوك و برا و هاوسەر بن.» هاوکات دەڵێت: «بوێری و ئیرادە و چاوکراوەیی و خەونی گەورە، مەکینەی سەرکەوتنەکان دەخاتەکار، هەتا بەخێرایی رێگای سەرکەوتن ببڕیت. خودی بڕیاردان بۆ سەرکەوتن لە قۆناغێکی ژیاندا، بەشێکی گرینگی گەیشتن بە سەرکەوتنە، هەر ئەو بڕیارەیە کە هەنگاوەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت.» شلێر پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە «رێکخراوەکانی حکوومی و ناحکوومی پێویستە بە کردنەوەی خولی جۆراوجۆر بۆ منداڵان و گەنجان، بەرچاوڕوونییان پێ ببەخشن و رێگاکانی سەرکەوتنیان بۆ شی بکەنەوە، هەروەها پێویستە لە سیستمی پەروەردە وانەیەك هەبێت بۆ ئەوەی قوتابییان بەهرەکانی خۆیان بدۆزنەوە و بە رازەکانی سەرکەوتن ئاشنا بکرێن و بتوانن بە هەنگاوی کردەیی قۆناغەکانی سەرکەوتن ببڕن.» گوتیشی: «متمانەبەخۆکردن و ئیرادەی بەرز و ماندوویی نەناسی وا لە تاك دەکات، بە سەر هەموو کۆسپەکانی بەردەمیدا زاڵ بێت، بەپێچەوانەوە ترس و رارایی و دوودڵی و متمانەبەخۆنەکردن وا لە تاك دەکات، هەرگیز نەزانێت تام و چێژی سەرکەوتن چییە.»

توێژەری دەروونی هیمداد حوسێن، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «جۆری ژیانی هەر کەسێك بە خواستەکانیەوە گرێ دراوە، بۆیە ئەوانەی وا کەمکار و بێ هیوان، بەردەوام لە سەرکەوتن دوور دەکەنەوە. هەروەها ئەوانەی وا نرخی کاتەکانی ژیانی خۆیان نازانن و رۆژانە کاتێکی زۆریان بە شتی لاوەکییەوە بەفیڕۆ دەدەن، ناتوانن کەسێکی سەرکەوتوو بن.» ئەو توێژەرە دەروونییە نموونە بەو گەنجانە دێنێتەوە کە «شەو تا بەیانی سەرقاڵی یاری و گەمەکانی ئینتەرنێتن و لە رۆژیشدا تا لای ئێواران دەنوون، بێگومان کەسانی وا کاتی زۆری خۆیان دەکوژن و ناتوانن رێگاکانی سەرکەوتن لە ژیاندا بدۆزنەوە، خۆ ئەگەر منداڵان و گەنجان ئەو ماوە زۆرەی بۆ گەمەکردن لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت تەرخانی دەکەن، بۆ فێربوونی زمانێکی بیانی، یان ئاشنابوون بە بوارێکی زانستی تەرخان بکەن، بێگومان دەرگای سەرکەوتنیان بە رووددا دەکاتەوە.» هێما بۆ ئەوەش دەکات کە «وەرزشکردن و لەشساغی ئیرادە و متمانەبەخۆبوونی زیاتر بە تاك دەبەخشێت، بۆیە پێویستە لە بەرنامەی رۆژانەدا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، جێگای بۆ بکرێتەوە.» گوتیشی: «سەرکەوتن کاری جددی و ئیرادە و هەنگاوی بەردەوامی پێویستە و پەیوەندی بە شانسەوە نییە و شتێك نییە کتوپڕ لە دەرگای ماڵت بدات.»

**دایک و باوک دەبێت سەرەتا بە شێوازێک لەگەڵ یەکتری هەڵسوکەوت بکەن، کە ببن بە (رۆڵ مۆدێل) واتە نموونە و سەرمەشق بن بۆ منداڵیان**

**دایک و باوک چەند منداڵەکەیان گەورەتر دەبێت، پێویستە رێژەی پشتبەستنی منداڵەکەان بە باوان (دایک و باوکی) کەم بکەنەوە و هەوڵ بدەن لەسەر پێی خۆی بوەستێ و ریسک بکات**

**خێزان و مامۆستا لە پەروەردەکردنی منداڵدا تەواوکەری یەکترین و هەر کامیان کامڵ نەبن، کاریگەریی نەرێنی لە سەر دروستکردنی کەسایەتییەکی سەرکەوتوو بۆ منداڵ دەبێت**

